السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەمە بگۆڕن وخۆتان بە دوور بگرن لە (ڕەنگی) ڕەش

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبی قوحافە باوکی ئەبی بەکر -ڕەزای خوایان لێبێت- هێنرا؛ لە ڕۆژی فەتح وڕزگارکردنی مەککە، و(مووی)سەر وڕیشی وەکو (سەغامە:جۆرە دارێکی سپییە) سپی بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەمە بگۆڕن وخۆتان بە دوور بگرن لە (ڕەنگی) ڕەش».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرمودەکە: ئەبی قوحافە باوکی ئەبی بەکری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- هێنرا؛ لە ڕۆژی فەتح وڕزگارکردنی مەککە، و(مووی)سەر وڕیشی وەکو (سەغامە:جۆرە دارێکی سپییە) سپی بوو، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم حاڵەوە بینی، فەرمووی: (ئەمە بگۆڕن وخۆتان بە دوور بگرن لە -ڕەنگی- ڕەش)، فەرمانی کرد ڕەنگی سپی بگۆڕن وخۆیان بە دوور بگرن لە بەکارهێنانی ڕەنگی سپی، ڕەنگی ڕەش واتە مرۆڤ گەنج دەبێتەوە وئەمیش پێچەوانەی ئەو فیترەتەیە کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، بەڵام بەکارهێنانی ڕەنگەکانی تر وەکو سوور وزەرد وخەنە بە تێکەڵی لەگەڵ بۆیەی کەتەم*؛ ئاساییە، ئەگەر ڕەنگەکە لە ڕەشی لایدا ولە نێوان ڕەش وسوور بوو؛ ئاساییە، ئەوەی نەهی لێکراوە بە یەک ڕەنگ هەمووی ڕەش بێت، ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبوبەکر وعومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- قژیان بۆیە کرد بە کەتەم وخەنە. *(کەتەم: جۆرێکە لە بۆیە وەکو خنە وایە ئەگەر لەگەڵ خەنە تێکەڵ بکرێت ڕەنگی قژ مەیلە وڕەش دیار دەبێت بە تایبەت لە دوورەوە بەڵام لە ڕاستیدا مەیلەو قاوەیی یان سووری تاریکە)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8909

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee